لویس ساکۆ: ئێوەی دەربارەی سەردانم بۆ ئیسرائیل دەگوترێت درێژکی ڕوونە

پاتریارک لویس ساکۆ، سەرۆکی کۆنیسەی کلدانی لە عێراق و جیهان، ستایشی هەوڵەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند: ئێوان هەرگیز پشتیوانییەکانی ئێو حزبە لەبیر ناکەن.

ساکۆ ئاماژەی بەوە کرد کە فازڵ میرانی، بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات و پارتەکەی، زۆر بە باشی لە زمانی ئێوان تێدەگەن و هاوسەنگی ڕاستقینەی دژی کریستیانەکانن، بەتایبەت لەو قەیرانە دروستکراوەی کە ڕووبەڕووی کۆنیسە کراوەتەوە.

سەبارەت بەو دەنگەیانەی لەبارەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەاوکراونەتەوە، پاتریارک ساکۆ بە توندی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند: هیچ جۆرە ڕێککەوتنێکی ئاساییکردنەوەی واژە نەکردووە، ئەو ئاشکرای کرد کە هەندێک لایەن بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد، دەنگەکیان بە دروست کردووە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە لەگەڵ پاپا فرانسیس سەردانی ئیسرائیلی کردووە، بەڵام ئەو جەختی کردەوە کە بەهۆی ڕەزگرتن لە دژی فەلەستین، ئامادە نەبووە سەردانی ئەو وڵاتە بکات و هەموو ئەو قسانە بە درێژکی شاخدار و دوور لە ڕاستی دادەنێت.

سەرکی کۆنیسەی کلدانی تیشکی خستە سەر دیدگای خۆی بە داهاتووی عێراق و داوای کرد لەبری ئاساییکردنەوەی پێیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل، کار بە ئاساییکردنەوەی پێیوەندییە ناوخۆییەکانی ناو عێراق بکرێت.

ساکە دەڵێت: عێراق خاکی پێغەمبەران و نیشتمانی حەزرەتی ئیبراهیمە، بۆیە پێویستە حکوومەت کار لەسەر گەشتیاریی ئایینی و شوێنەواری بکات، بە بەوای ئەو، کاتێک نەوت نامێنێت، ئەم کەرتە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات، چونکە وەاتانی جیهان بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن و عێراقیش دەبێت سوود لە پێگەی ئایینی و ناوچە گەشتیارییەکانی هەرەمی کوردستان وەربگرێت.
پاتریارک لویس ساکە یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییە ئایینییەکانی عێراق و جیهان، کە لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی بەیارەکی سەرکایەتی کەماری عێراق بە کەشانەوەی مەرسوومی کەماری لەی، ووبەووی فشارەکی سیاسی گەورە بووەوە و وەک دەربەینی ناڕازایەتی، بارەگای پاتریارکی لە بەغداوە گواستەوە بە هەولێر، ئەم لێدوانانەی ساکە لە کاتێکدایە کە هەرەمی کوردستان بە پێناگەیەکی ئارام بە کەمایەتییە ئایینییەکان دەبینرێت و پارتی دیموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سەرەکی لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە ناوچەکەدا دەناسرێت، ناوبراو لە پەیامێکیدا جەختی لەوە کردەوە کە درە هەرچەندە زەر و بەاو بێت، بەڵام لە کۆتاییدا تەنها ڕاستی سەر دەکەوێت.